www.kurdistannet.org
21-4-2007 16:40بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەرنامەی بەرنامە بانێكە و دوو هەوا ... ئاراس

بەرنامەی بەرنامە كە لە كەناڵی تەلەفیزیونی خاك و كوردساتەوە پەخش دەكرێت بەرنامەیەكی دێرینە و كێشە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەكانی كوردستان بەشێوەیەكی گاڵتەجاری و ڕەخنە ئامێز دەخاتە ڕووی بینەرانی... زۆر كەمن ئەو پارت و وەزارەت و دام و دەزگاو بەرپرسانەی كە لەلایەن بەرنامەی بەرنامەوە بەشێوەیەك لە شێوەكان لە مینبەری بەرنامەكەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گێچەڵیان پی نەكرابی و ڕەخنەیان لی نەگیرابی... لەبەر ئەوەی خەڵكیش بەشێوەیەكی گشتی تینووی ئەم جۆرە بابەتانەن كە دانپێدانانێكی ئاشكرای تیایە بە دیاردەی گەندەڵی و ڕەگدانەوەكانی.. بۆیە ئەم بەرنامەیە جەماوەرێكی باشی لە چواردەوری خۆی كۆكردۆتەوە.. بەڵام ئایا ئەندامە بەشداربووەكانی بەرنامەی بەرنامە لە گۆڕەپانی پراكتیكی ژیانی ڕۆژانەیاندا سونبلی پاكی و دڵسۆزی و بەوویژدانین؟ ئایا نموونەی مرۆڤی نموونەین؟ من هەوڵ دەدەم لێرەدا بە وویژدانەوە باس لە یەكێك لە ئەندام و ئەكتەرەكانی بەرنامەی بەرنامە بكەم كە بەڕاستی پێویستی بە هەڵوێستە هەیە ئەویش ڕێبوار ڕەحیمە كە بێجگە لەوەی ئەكتەرێكی بەرنامەی بەرنامەیە كارمەندێكی كۆنی هاتوچۆشە لە پێش ڕاپەڕینەوە و ئیستا لە ڕاگەیاندنی هاتوچۆی گشتیە و بەكورە نازدارەكەی بەڕێوبەری گشتی هاتوچۆ ناسراوە.. لەبەر ئەوەی بەهیچ جۆرێك جلی سەربازی ناپۆشێت و هەموو ئەرك و فەرمانە ئاساییەكانی كارەكەی خۆی لەسەر فەرمۆش كراوە وەك ئێشكگری و فەرمانە یاساییەكانی تر.. تەنها سەری مانگان بۆ مووچە وەرگرتن دەردەكەوێت.. بەیانیان بەشاهیدی هەموو لایەك لەجیاتی ئەوەی لە بارەگای بەڕێوبەرایەتی دەوام بكات.. وەك فەرمانبەرێك لە نووسنگەی شاتوو دەوام دەكات كە خاوەنەكەی خودی بەڕێوبەری گشتی هاتوچۆیە و لەوی كاروبارەكانی ئەم نووسینگەیەیی بۆ ڕادەپەڕێنێت.. بەم شێوەیەش كاك ڕێبوار خاوەنی سی مووچەیە لەهەریەك لە بەرنامەی بەرنامە و هاتوچۆی سلێمانی و نووسینگەی شاتوو بۆ فێركردنی شۆفێری.. تەنها یەك پرسیار ئاراستەی ستافی بەڕێزی بەرنامەی بەرنامە دەكەم ئەویش ئەوەیە: ئایا دەتوانن لە ڕێگای بەرنامەكەیانەوە ڕەخنە لەم دیاردە نامۆیە بگرن كە یەكێك لە ئەندامەكانی خۆیان بەئاشكرا پیادەی دەكا و بە پێچەوانەوی هەموو یاسا و ڕێنماییەكانەوەیە؟ لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەموو لایەك ...

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.